# ئەگەر ڕەمەزان هات؛ دەرگاكانی بەهەشت دەكرێنەوە ودەرگاكانی دۆزەخ دادەخرێن، وشەیتانەكان كۆت وزنجیر دەكرێن

له‌ ئه‌بی هوره‌یره‌وه‌ -ڕه‌زای خوای لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ری خودا -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «ئه‌گه‌ر ڕه‌مه‌زان هات؛ ده‌رگاكانی به‌هه‌شت ده‌كرێنه‌وه‌ وده‌رگاكانی دۆزه‌خ داده‌خرێن، وشه‌یتانه‌كان كۆت وزنجیر ده‌كرێن».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فه‌رمووده‌كه‌: (ئه‌گه‌ر ڕه‌مه‌زان هات؛ ده‌رگاكانی به‌هه‌شت ده‌كرێنه‌وه‌ وده‌رگاكانی دۆزه‌خ داده‌خرێن، وشه‌یتانه‌كان كۆت وزنجیر ده‌كرێن): ئه‌م سێ شته‌ ڕووده‌دات له‌ ڕه‌مه‌زاندا: 1/ ده‌رگاكانی به‌هه‌شت ده‌كرێته‌وه‌؛ ئه‌میش بۆ هاندانی ئه‌وانه‌ی په‌رستن وكرده‌وه‌ی چاك ئه‌نجامده‌ده‌ن وه‌كو نوێژكردن وڕۆژووگرتن وخێركردن وزیكركردن وقورئان خوێندن وكرده‌وه‌ی زۆری تر. 2/ ده‌رگاكانی دۆزه‌خ داده‌خرێن؛ ئه‌میش به‌هۆی كه‌می تاوان وگوناهی ئیمانداران له‌ مانگه‌دا. 3/ شه‌یتانه‌كان زنجیر ده‌كرێن، له‌ گێڕانه‌وه‌یه‌كی متمانه‌پێكراوی باشدا له‌ (سنن النسائي) و (مسند أحمد) تردا وشه‌ی هاتووه‌: (المَرَدة) هاتووه‌، واتا: (شه‌یتانه‌ ملهوڕه‌ به‌هێزه‌كان)، وهه‌روه‌ها له‌ گێڕانه‌وه‌یه‌كی سه‌حیحدا له‌ (الترمذي) و(النسائي)،(ابن ماجه) ئه‌م ده‌قه‌ هاتووه‌: (ومردة الجن)، واتا: (جنۆكه‌ ملهوڕه‌ به‌هێزه‌كان)، له‌ جنۆكه‌كان ئه‌وانه‌ی كه‌ پێیان ده‌ووترێت: (المَرَدة) ئه‌مانه‌ش ئه‌و شه‌یتانانه‌ن كه‌ زۆر زۆر دژایه‌تی نه‌وه‌كانی ئاده‌م ده‌كه‌ن، وزنجیر ده‌كرێن به‌ واتای ئه‌وه‌ ده‌ستیان ده‌به‌سترێته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و زیانانه‌ نه‌ده‌ن وئه‌و ئازارانه‌ نه‌گه‌یه‌نن كه‌ له‌ جگه‌ له‌ ڕه‌مه‌زاندا ده‌یانكرد، وهه‌موو ئه‌مه‌ی كه‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- باسیكردووه‌ هه‌ق وڕاستیه‌ وبۆ ئوممه‌ته‌كه‌ی وه‌كو ئامۆژگاری باسیكردووه‌ بۆیان، بۆ ئه‌وه‌ی چاكه‌ وخێر ئه‌نجامبده‌ن وئاگادار بن له‌ شه‌ڕ وخراپه‌.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee